# ئەم پەردەیەت لابدە، چونکە وێنەکانی هێشتا دێتە پێش چاوم لە ناو نوێژدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عائیشە پەردەیەکی هەبوو لایەکی خانووەکەی پێدادەپۆشی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «ئەم پەردەیەت لابدە (لێمانی دوور بخەرەوە)، چونکە وێنەکانی هێشتا دێتە پێش چاوم لە ناو نوێژدا».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پەردەیەکی تەنکی ڕەنگاوڕەنگی نەخشێنراوی هەبوو لە ماڵەکەیدا کە لە خوری دروستکرابوو، وبۆشاییەکی ژوورەکەی پێدادەپۆشی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد کە لای بدات وهەڵیبگرێت، وهۆکارەکەی ڕوونکردەوە ئەویش ئەوەیە کە وێنەی نەخش وڕەنگەکانی هێشتا دێتە پێش چاوی لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا بۆیە دەترسێت لەوەی کە دڵی بە تەواوی وکامڵی ئامادە نەبێت لە ناو نوێژدا، وبە ڕێکی وجوانی بیر لە زیکر وئایەت ونزا وخوێندنەوەکان ومەبەستەکانی نوێژ نەکاتەوە کە هۆکارن بۆ ملکەچ بوون بۆ خوای گەورە -سبحانە وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10881

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee